www.kurdistannet.org
9-2-2003 20:52

# دەرزێك لە مێژووەوە بۆ تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە

بەکـــر شـــوانی
bschwani@hotmail.com

لەدوا ساڵەکانی بەر لە ئاوابوونی خۆری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، کاروباری دەوڵەت کەوتە دەستی ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی، ئەو ڕێکخراوەی کە خوازیار بوو دەوڵەتێکی پێکهاتوو لە ڕەگەزی تورک دابمەزرێنێ. لێپرسراوانی ئەو سەردەمەی تورک و لە سەرووی هەموشیانەوە، وەزیری ناوخۆ "تەلعەت پاشا"، کەوتنە نەخشەکێشان بۆ لەناوبردن و ڕیشەکێشکردنی نەتەوەکانی ناتورکی نیشتەجێی ئەو هەرێمانەی کە تاو ئەو کاتە لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیەکاندا مابوونەوە. تورکەکان لە ساڵی (1915) و لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەیاندا کەوتنە بەکۆمەڵکوشتنی هەردوو نەتەوەی ئەرمەنی و ئاسوری و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا زیاد لە ملیۆن و نیوێک مرۆڤیان کوشت. ورد و درشتی ئەم تاوانە لەبیرنەکراوەی مێژوو، بە دەستور و ڕێنمایی و چاودێریی ڕاستەوخۆی وەزیری ناوخۆ "تەلعەت پاشا" بەڕێوەدەچوو.

وەکو بەشێک لە هەڵمەتی لەناوبردنی ئەرمەنیەکان، لە هەندێک ناوچەکانی سەرووی کوردستان و تورکیا، ئەرمەنیەکان ناچاردەکران کە بەرەو ئاسۆیەکی نادیار ڕێگای کۆچ بگرنەبەر، بەڵام وەکو مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە ئەرمەنیەکان نەیانتوانی بە گرتنەبەری ڕێگای کۆچ خۆیان لەو چارەنوسە ڕزگار بکەن کە تورکەکان پێشوەخت بۆیان دەستنیشان کردبوون، چونکە بەشێکی زۆری ئەرمەنیەکان پاش ئەوەی ماندوویی و برسێتی کاری لە جستەی لاوازیان دەکرد، لە پێدەشتەکان و لە بناری شاخەکان دەکەوتنە بەر هێرشی لەناکاوی تورکەکان و لەناو دەبران.

"سۆرۆمۆن تێلەریان" کە لەو سەردەمەدا مێردمنداڵێکی (15) ساڵان دەبێت، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و خزمەکانی و هاوڵاتیانی خۆیدا لە شاری ئەرزنجان-ەوە ڕێگای کۆچ دەگرنەبەر. پاش چەند ڕۆژێک ڕێگابڕین کاروانەکەیان دەکەوێتە بۆسەی تورکەکانەوە و "تێلەریان" نەبێت، هەموو ئەوانی تر لەوێدا کوشتوبڕ دەکرێن. "تێلەریان"یش گوللەیەکی بەردەکەوێت و وەکو دواتر خۆی گێڕاویێتیەوە، ماوەی (16) سەعات بە برینداری لەژێر لاشەی براگەورەکەیدا خۆی حەشارداوە. کاتێک خۆرئاوا دەبێت و پەردەی تاریکی باڵ بەسەر دەوروبەردا دەکێشێ، "تێلەریان" خۆی دەگەیەنێتە شاری دەرسیم و لەوێ لە ماڵی کوردێکدا تیمار دەکرێ، بەڵام بەتەنیا تیماری جەستە، نەک تیماری ئەو برینە کاریگەرەی کە تورکەکان کردبوویانە هەناوی. "تێلەریان" بە هاوکاری هەندێک لە کوردەکان خۆی لە دەست تورکەکان ڕزگار دەکات و ڕوو لە شاری تفلیس دەکات و دوو ساڵ لەوێ بەسەردەبات و پاشان بۆ ئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە.

لەملایشەوە دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیای هاوپەیمانی لە شەڕی یەکەمی جیهاندا دەدۆڕێن و "تەلعەت پاشا"یش وەکو هەندێکی تر لە سەرانی دەوڵەت، هەڵدێت و ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکات. "تەلعەت پاشا" بە سواری کەشتیەکی ژێرئاوی ئەڵمانیا خۆی دەگەیەنێتە ئەو وڵاتە و وەکو پەنابەرێکی سیاسی لە شەقامی هاردنبێرگ لە شاری بەرلین نیشتەجێ دەبێت. سەرچاوەکانی مێژوو دەگێڕنەوە کە "تەلعەت پاشا" هیچ کاتێک خەسڵەتی پەنابەری پێوە دیار نەبووە، بەڵکو لەوێش بەشێوەیەکی پاشایانە ژیاوە و درێژەی بەکاری سیاسی خۆی داوە و پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ کەمالیستەکان و بۆلشەویەکان و دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوادا هەبووە. "تەلعەت پاشا" چەند جارێک لە دانیشتن لەگەڵ دۆست و برادەرانی ڕۆژئاواییدا دەڵێ کە ئەوان مەبەستیان نەبووە "سەرجەم" نەتەوەی ئەرمەنی لەناوبەرن. ئەم دانپیانانەی

www.kurdistannet.org

ناوبراو لەو قسەیەی "عەلی حەسەن مەجید" دەچێت کە لە ساڵی (1991) دا بە ئەندامانی وەفدی کوردی وتبوو؛ (ئەوە چیە ئێوە بەردەوام پێ لەسەر سەدوهەشتاودووهەزار دادەگرن! ئەوانەی ئێوە باسیان دەکەن هەر سەدهەزارێک دەبن.)

"تێلەریان" لە ئەستەمبوڵ بەچاوی خۆی هەرەسهێنانی حکومەتی ئیتیحاد و تەرەقی دەبینێ و دەبیستێ کە "تەلعەت پاشا" بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتووە. ئەو کە ماوەی دوو ساڵ بوو لە بیری تۆڵەکردنەوە بترازێ، شتێکی تر بە خەیاڵیدا گوزەری نەدەکرد، شوێن پێی "تەلعەت پاشا" هەڵدەگرێ و پاش ماوەیەک لە پاریس دەگیرسێتەوە. دواتر هەواڵی پێدەگات کە دوژمنی خوێنخۆری نەتەوەکەی لە بەرلین دەژی، ئەمیش کە وەکو سێبەر بەدوای "تەلعەت پاشا"وە دەبێ، ڕوو لە بەرلین دەکات و لە هەمان شەقام و لەبەرامبەر ماڵی ناوبراودا خانویەک بەکرێ دەگرێ و زۆر بە وردی دەکەوێتە چاودێری کردنی. "تەلعەت پاشا" سەر لەبەیانی ڕۆژی (1921/3/15) لە ماڵەکەی دێتە دەرێ و بەرەو شوێنێک دەڕوات، "تێلەریان"یش بە هەنگاوی لەسەرخۆ، بەڵام پتەو، دوای دەکەوێ و لەو سەری شەقامەکە و لە پشتەوە فیشەکێکی پێوەدەنێ و بەوجۆرە ئەو خەونەی خۆی بەدیدێنێ کە چەند ساڵێک بوو لە پێناویدا دەژیا. "تەلعەت پاشا" لەوێدا دەمرێ و "تێلەریان"یش دەچێت خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات. "تێلەریان" لە دادگا بەرگری سیاسیانە لەخۆی دەکات و خۆی بە مرۆڤکوژ نازانێ، بەڵکو دەڵێ کە ئەو تۆڵەسێنی زیاد لە ملیۆن و نیوێک ئەرمەنیە کە بە فەرمان و ڕێنمایی ڕاستەخۆی "تەلعەت پاشا" لەناوبراون. داگا لەدواییدا لە "تێلەریان" خۆش دەبێت و ئازاد دەکرێ، بەڵام لە ئەڵمانیا سنوربەدەر دەکرێ و لە ئەمەریکا دەگیرسێتەوە. لەوێ هاوسەری ژیان دەدۆزێتەوە و خێزان پێکەوە دەنێ و سەرقاڵی ژیان دەبێت هەتا لە تەمەنی (54)ساڵیدا بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و دوو کوڕی لەدوا بەجێدەمێنێ.

---

<u>تێبینی و ڕوونکردنەوە:</u>

1- لە 1/17 هەتا 2003/2/11 لە شاری کۆڵن "هەفتەی ڕۆشنبیریی ئەرمەنی بەڕێوەچوو. دانیشتنی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی 2003/2/7 تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی "تەلعەت پاشا و تێلەریان". ژمارەیەکی زۆر کورد و ئەرمەن و ئەڵمان و تورک ئامادەی ئەو دانیشتنە بوون.

2- لە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەتی تورکیادا "تەلعەت پاشا" قارەمانێکی میللییە و "قوربانی"ی پیلانەکانی ڕۆژئاوایە لەدژی تورکیا.

3- ئەرمەنیەکانیش "تێلەریان" بە قارەمانی خۆیان دەزانن و هەموو ساڵێک لە 3/15دا بەڕێزەوە یادی چالاکیەکەی دەکەنەوە.

4- لە دانیشتنی ئەو ئێوارەیەدا هەندێک لە تورکەکان بێهودە بەرگریان لە "تەلعەت پاشا" دەکرد، بەڵام کورد و ئەرمەنی و ئەڵمانەکان بە هێنانەوەی بەڵگەی مێژوویی دەمکوتیان کردن و ناچار بوون هۆڵەکە بەجێبهێڵن.

5- لەو کاتەدا کە ئەو چەند تورکە بەرگریان لە "تەلعەت پاشا" دەکرد، خانمێکی بەتەمەنی ئەرمەنی هەستایە سەرپێ و وتی: (ئەم بەڕێزانە لە جێی داکۆکیکردن لەو تاوانبارە، دەبوو ئێستا زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقی شەرمەزاری لە ڕوویان بتکایە.)

6- برادەرێکی ئەرمەنی بەشدار لە دانیشتنی ئەو ئێوارەیەدا پێی وتم: (چەند سەد کەسێک لەو ئەرمەنیانەی کە هەشتاوهەشت ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵکوژیەکان ڕزگاریان بووە، هێشتا دەژین و هەموو

**ئاواتیان ئەوەیە حکومەتی تورکیا دان بەو تاوانەدا بنێ و داوای لێبوردنیان لێبکات، یاخود کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕەسمی تورکیا بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنیەکان تاوانبار بکات.**

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. . . . . لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت. . . . . . . . . . 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت